WOMEN EMPOWERMENT ORGANIZATION

پوختەی سیاسەتی دووەم

# بەرزکردنەوە و بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەتان لە بنیاتنانی ئاشتی و ئاسایش لە هەڵەبجە: کێشە و پێشنیارە سیاسەتییەکان

**"لە پەراوێزخستنەوە بۆ بەهێزکردن: پێشخستنی ڕۆڵی ئافرەتان و گەنجان لە ئاشتی و ئاسایشی هەڵەبجە"** ئەم پڕۆژە جێبەجێدەکرێت لەلایەن **ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت** بە سەرپەرشتی **ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی**، بەپاڵپشتی دارایی **حکومەتی بەریتانیا**

**٢٠٢٥**

# خشتەی ناوەڕۆک

دەربارەی پڕۆژەکە........................................................................................................2
دەربارەی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت WEO........................................................................2
دەربارەی ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی WfWI ..........................................................2
پوختە ..........................................................................................................................3
کێشەکان........................................................................................................................5
خاڵە بەهێزەکانی هەڵەبجە لە پێشخستنی بەهێزکردن و بەشداریکردنی ئافرەتان.....................................8
خاڵە لاوازەکانی پێشخستن و بەهێزکردنی  مافەکانی ئافرەتان و بەشداریکردن لە هەڵەبجە.......................10
پێشنیارەکان......................................................................................................................12
دەرئەنجام ......................................................................................................................15
سەرچاوەو پاڵپشتەکان ......................................................................................................15

## دەربارەی پرۆژەکە

ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان (WEO) بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی (WFWI) وبەپاڵپشتی دارایی حکومەتی بەریتانیا، پرۆژەی "لە پەراوێزخستنەوە بۆ بەهێزکردن: پێشخستنی ڕۆڵی ئافرەتان و گەنجان لە ئاشتی و ئاسایشی هەڵەبجە" جێبەجێ دەکات. ئامانجی پرۆژەکە بەهێزکردنی ئافرەتانی سەرکردەی کۆمەڵگا و چالاکوانانی گەنجانە لە هەڵەبجە بۆ سەرکردایەتیکردنی دەستپێشخەرییە گشتگیرەکانی بنیاتنانی ئاشتی، پەرەپێدانی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، و چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا .سەرەڕای ئەوەش، سوپاس و پێزانینی دڵسۆزانەمان ئاراستەی پارێزەر شۆخان ئەحمەد دەکەین کە وەک ڕاوێژکارێک پشتگیری لە پەرەپێدانی ئەم پوختەی سیاسەتەدا کردووە.

## دەربارەی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت WEO

ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، ڕێکخراوێکی ناحکومی نیشتمانییە کە ئافرەت سەرکردایەتیی دەکات و لە عێراق و هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە. ڕێکخراوەکە خۆی تەرخان کردووە بۆ بەهێزکردنی ئافرەتان لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا. ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت بە پەرۆشەوە کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەریی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەریان و داکۆکی لە پەرەپێدانی ئەو سیاسەت و چاکسازییانە دەکات کە پاڵپشتی یەکسانی نێوان ئافرەتان و پیاوان فەراهەم دەکەن. ڕێکخراوەکە تایبەتمەندە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە کەرتەکانی پاراستن، بژێوی ژیان، داکۆکیکردن و بواری مرۆیی، ئەمەش بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی گشتگیر، لەوانە؛ پشتگیری کۆمەڵایەتی-ئابووری و دەروونی، دەستڕاگەیشتن بە دارایی، پەرەپێدانی توانا تاکەکەسی و دامەزراوەییەکان، هاوکاری یاسایی و داکۆکیکردن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی بەردەوام.

## دەربارەی ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی WfWI

ڕێکخراوێکیە کە ئافرەت سەرکردایەتی دەکات و ئۆفیسێکی لە ناوخۆی عێراقدا هەیە کە تەواوی کادیرەکانی کەسانی ناوخۆیین. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە (سەرەتا لە بەغدا و کەربەلا و پاشان لە کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ دەستبەکارە). کار لەگەڵ ئافرەتانی عێراقی، کورد، سووری، و ئێزیدی دەکات. کادیرە ناوخۆییەکانی ئێمە زانیارییەکانیان لەسەر کاریگەریی ململانێکان لەسەر عێراق بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی ئەو ئافرەتانەی کە زیانیان بەرکەوتووە.

ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی پرۆژەیەک لە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات کە ئامادەبوون و بەشداریکردن و کاریگەری لە چالاکییەکانی بڕیاردانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرۆکایەتی ئافرەتان بەرز دەکاتەوە، وەک شتێکی بنەڕەتی بۆ کارنامەی ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش. توێژینەوەکانی ئەم دواییە

بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ئافرەتان و سەرکردایەتییان دەرخست و پێشنیاری گونجاویان خستە بەر پێش بۆ چارەسەرکردن و بەدەستهێنانی بەشداریی مانادارانە بە پشتبەستن بە بەڵگە و تێگەیشتنی سەرەتایی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان (WROs)لە عێراق. ئەم دەرئەنجامانە توانییان کە نەخشەی ئەم پرۆژەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و تێڕوانینینی ئافرەتان و خودی ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان زەمینەسازی بکات.

GAPS لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لەگەڵ حکومەتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا کاردەکات، بەشداربوون لە گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی خۆیان و بەریتانیا؛ چەندەها پرۆژەیان جێبەجێکردووە دەربارەی ئافرەت ئاشتی و ئاسایش و نەخشەسازی کۆمەڵگای مەدەنی و کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر ئافرەتان و پیاوان. هەروەها GAPS پشتگیری ستراتیژی و تواناسازی پێشکەش دەکات لە ڕێگەی ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش.

## پوختە

### تێڕوانینێکی گشتی بۆ بڕیارنامەی ١٣٢٥

لە عێراق، هەرێمی کوردستان، هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ بەردەوامن، لەگەڵ دوو پلانی کارکردنی نیشتمانی داڕێژراون بۆ ڕێنماییکردن و جێبەجێکردنی، جگە لەوەش پلانی سێیەم لە ئێستادا کە دەچێتە پەسەندکردنەوە.

سەرەڕای پابەندبوونی سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە بڕیارنامەکە، نەبوونی بودجەیەکی تایبەت بووەتە ڕێگر لە جێبەجێکردنی تەواوی چالاکییە پلان بۆ داڕێژراوەکان. بۆ نموونە ئەنجومەنی باڵای خانمان وگەشەپێدان نزیکەی یازدە ساڵە بەشدارە لەم دەستپێشخەرییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی سەرچاوەی دارایی ڕێگر بووە لە جێبەجێکردنی بەرنامە و کارەکانی. بەهەمان شێوە لە کاتێکدا حەوت وەزارەت لە کوردستان بە فەرمی بەشێکن لە پلانەکە و ئەرکی ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆریان پێسپێردراوە، کەمی بودجە کارەکانیانی وەستاندووە.

لە عێراق، لایە سەرەکییەکانی وەک ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتە گرنگەکان (وەکو فەرمانگەی بەهێزکردنی توانای ئافرەتان) و ڕێکخراوە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان دەستنیشان دەکرێن. جێی ئاماژە پێکردنە کە عێراق یەکەم وڵاتە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا کە یەکەمین پلانی کاری نیشتیمانی ١٣٢٥ پەرەپێدا بۆ بەکارکردنەوەی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها لە ئاستی نیشتمانی لایەن و گروپ هەن بۆ پشتگیری وەزارەت و ئەنجومەنە حکومییەکان لە پەرەپێدانی و جێبەجێکردنی پلانی کار ١٣٢٥ و چاودێری پرۆسەکانی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە کابینەی حکومەتی نۆیەم زیادیکردووە لە ٥٤ بۆ ٧٢ پلە و پۆست بەبەراورد بە کابینەی هەشتەمی پێشوو، بەڵام هیچ دڵنیاییەک بوونی نییە کە ئەم بەرزبوونە بەردەوام دەبێت لە کابینەی داهاتوو یاخود نا. وە چەندین وەزارەتی گرنگ هەن کە هێشتا یان زۆر کەم یان هیچ ئافرەتێک لەنێو پلە بەڕێوەبەریی باڵاکانیان بوونی نییە، وەک وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان، وەزارەتی دارایی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ناوچە کوردیەکان دەرەوەی هەرێم، و هێزەکانی ناوخۆ.

لە سەرئاستی پارێزگا، هەڵبجە بەهۆی زەمینە کولتوورییەکەیەوە جیاوازە . مێژوویی ناوچەکە دەریدەخات کە ئافرەتان لە سەرەتادا بە چالاکی بەشداری سیاسی و سەرکردایەتییان کردووە، کە ئەمەش ئاستی یەکگرتویی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی باڵای کۆمەڵگاکە نیشاندەدات، هەرچەندە ناوچەکە هەرێمێکی بچووکە. بەڵام ئافرەتان بۆ پۆستە باڵاکان دانراون، کە زیاتر کاریگەری سروشتی ناوچەکە و کولتوورییەکەیانە نەک خودی پلانی نیشتمانی. لە زۆر حاڵەتدا ئافرەتان لەم ڕۆڵانەدا سنووردارکراون لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەربەخۆی بڕیاردان، چونکە کارەکانیان بە توندی لەلایەن پارتە سیاسییەکانیانەوە کۆنترۆڵکراوە. ئەمەش تیشک دەخاتە سەر کەلێنی نێوان بەشداریکردنی فەرمی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و بەهێزکردنی ڕاستەقینەی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پلانی نیشتمانی .١٣٢٥

## بارودۆخی هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان، پلانی کاری نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکراوە و ئەنجومەنی تایبەتی پێکدراوە بۆ چاودێری جێبەجێکردنی. وەزارەتی ناوخۆ سەرپرستی ئەم ئەنجومەنی دەکات و سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی باڵای کار و گەشەپێدانی ئافرەتان سکرتێری ئەنجومەنەکەیە. ئەنجومەنەکە کۆمەڵێک نوێنەر لە وەزارەتە حکومییەکان، ڕێکخراوە نا حکومییەکان و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان لە خۆی گرتووە. بەڵام سەرەرای ئەوەش، پلانی کارەکە هیچ بودجەیەکی تایبەت بە خۆی نییە. لەگەڵ ئەم کێشانە، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان چالاکانە چەندین پرۆژەیان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم پلانە ئەنجام داوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتگیری حکومەت و کۆمەڵگایان کردووە. زیاتر لەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بودجەیەکی تایبەتی تەرخانکردووە، بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانە بەردەوامبێت و زیاتر کاریگەر بکرێت.

هەوڵەکان دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی بەشداربوونی سیاسیی ئافرەتان، بە تایبەتی لە پەرلەمان، کە ئێستا ٣٠٪ ئەندامانی پەرلەمان ئافرەتانن. بەڵام، نوێنەرایەتی ئافرەتان لە سەرانسەری پۆستە جیاوازەکانی کارگێڕی و سەرکردایەتیدا بە نایەکسانی دەمێنێتەوە. بەشداریکردنی ئافرەتان لە ڕۆڵە باڵاکانی حکومەتدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەوەی کە پێویستە. بۆ نموونە لە کاتێکدا ئافرەتان وەک کارمەند و ئەندامی فاکەڵتی زانکۆ بە باشی نوێنەرایەتی دەکەن، بەڵام لە پۆستەکانی بڕیاردانا نوێنەرایەتییەکی کەمیان هەیە. کەمترین ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە ئاستی بەڕێوەبەری جێبەجێکار وراگر و سەرۆکی بەشەکان لە ناو زانکۆکاندا بەدی دەکرێت.

جیاوازییەکی هاوشێوە لە دامەزراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانییدا دیارە. لە نێو ئەو ٢٨ فەرمانگەیەی کە تایبەتن بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، تەنها سێ نوسینگە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرپەرشتی دەکرێن. جگە لەوەش، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پۆستەکان، بوونی ئافرەتان کەم دەبێتەوە، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر بەربەستێکی بەردەوام لەبەردەم سەرکردایەتیکردنی ئافرەتان لە پێکهاتەکانی حوکمڕانیدا.

پەراوێزخستنی ئافرەتان لە ڕۆڵی ئیداری تێدەپەڕێت و بەرەو وەڵامدانەوەی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان درێژدەبێتەوە لە قۆناغەکانی ململانێ و ئاوارەبووندا وەک شەڕی داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا، زۆرجار ئافرەتە پەنابەرەکان گرنگی و هاوکارییەکی تەواویان پێ نادرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان. سەرەڕای ئەوەش، لە


WEO
WOMEN EMPOWERMENT ORGANIZATION

هەوڵەکانی ئاشتەوایی دوای ململانێدا، ئافرەتان بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە شاندەکانی دانوستان و بنیاتنانی ئاشتی دوور دەخرێنەوە، کە تا ئێستاش لەلایەن نوێنەرایەتیکردنی پیاوانەوە زاڵن بەسەریاندا.

ئەم ناهاوسەنگییە بەردەوامە لە حوکمڕانی و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان و بنیاتنانی ئاشتیدا، جەخت لەسەر پێویستی دەستێوەردانی سیاسەتی ئامانجدار دەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بنەماکانی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەک هەر دانپێدانراون بەڵکو بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ دەکرێن و وەرگێڕدراون بۆ پلانی کارێکی نیشتمانی هەرێمی کوردستان ،تەنانەت لەگەڵ هەبوونی کێشە لە دەرکردنی پلانەکەدا بەڵام پلانی کارەکە کاریگەری کارامەی هەبووە، بە تایبەتی لە لایەنە سیاسییەکان کە لە ماوەی هەڵبژاردندا بەشداربوونی ئافرەتان چالاک کرا. هەروەها، بۆ دڵنیابوونی پاراستنی کاندیدە ئافرەتەکان  لە ماوەی هەڵبژاردن، هەوڵ درا کە تۆڕێکی هاوبەش لەنێوان وەزارەت و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان دروست بکرێت بۆ ئاسانکردنی پڕۆژە هاوبەشەکانیان. هەروەها ئەم هەوڵانەش لە زیادکردنی ژمارەی دادوەرەی ئافرەتەوە خۆی دەبینێتەوە، هەروەها ڕێکخستنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ زیادکردنی شارەزاییان لە یاسای نێودەوڵەتی. زیاتر لەوە، ئەنجومەنی باڵای خانمان وگەشەپێدان  بە هاوکاری ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، خولی ڕاهێنانی تایبەت ڕێکخستووە بۆ هێزە ئەمنییەکان و ئەفسەران بۆ بەهێزکردنی تواناکانیان.

یەکێکی دیکە لە کارە سەرەکییەکان بریتی بووە لە یەکخستنی یاساکانی تایبەت بە ئافرەتان لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران. جێگای سەرنجە، هەڵەبجە وەک نموونەیەکی پێشەنگ دەرکەوتووە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئافرەتان کە پۆستی سەرەکییان هەیە، لەنێویاندا بوونی بەرچاوی بەڕێوەبەری ئافرەت.

## کێشەکان

### کێشەکانی ئافرەتان لە کوردستان

یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم ئافرەتان و گەنجان لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی هۆشیارییە سەبارەت بە مافەکانیان و چوارچێوە یاساییەکان، لەوانەش پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥. لە کاتێکدا کە بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە بەپێی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ی کوردستان کە وەک ئامرازێکی ڕێنمایی بەکاردەهێنرێت بۆ کارکردن لەلایەن وەزارەتەکانەوە، کۆمەڵگا، دامەزراوە حکومییەکان، و تەنانەت لایەنە سیاسییەکانیش زانیاری سنوورداریان هەیە سەبارەت بە بڕیارنامەکە و کاریگەرییەکانی. ئەم نەبوونی ئیرادەی سیاسییە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداری ئافرەتان لە پرۆسەکانی بڕیاردان و حوکمڕانی .

بەگوێرەی ئەو گفتوگۆیانەی لە هەڵەبجە لە میانەی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بەشداریی سیاسی ئافرەتان ئەنجام دراون، تا ئێستا لایەنە سیاسییەکان پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان بەگوێرەی ئەو بڕیارانە هەموار نەکردووەتەوە کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی بەشداری ئافرەتانە. بە تایبەتی تا ئێستا هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ یەکخستنی سیستماتیکی

بەشداری ئافرەتان لە سەرجەم ئاستێکدا لەنێو پارتە سیاسییەکاندا پەیوەندیدار بە ئاسایشەوە، ئەمەش زیاتر ئافرەتانی لە پۆستەکانی دەسەڵات پەراوێزخستوو.

شیکارییەکی مێژوویی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەندێک پێشکەوتن لە بەشداریکردنی سیاسی ئافرەتان ئاشکرا دەکات. بەڵام بەشداریکردنیان بە گشتی هێشتا لاوازە. لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ کام لە سەرکردە و جێگرەکانی هیچ پارتێکی سیاسی گەورەی کوردستان ئافرەت نین. جگە لەوەش لە نێوان ١٦ پۆستی سەرکردایەتی لە سەرانسەری ئەم پارتانەدا، تەنها دوو پۆست لەلایەن ئافرەتانەوە داگیرکراوە، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ناهاوسەنگی سەرکردایەتی سیاسی.

ئەم نوێنەرایەتییە سنووردارەی ئافرەتان لە سەرجەم پارتە سیاسییەکان و پێکهاتە حکومییەکاندا وێنەدەداتەوە. سەرەڕای پابەندبوونە فەرمییەکان بە گشتی، هیچ لایەنێکی سیاسی چالاکانە پێداچوونەوەی بە سیاسەتە ناوخۆییەکانی خۆیدا نەکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ بنەماکانی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥دا بگونجێت.

کەم نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا ئاشکرایە. لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە کۆی ٢٢ پۆستی وەزاری تەنها ٣ پۆستی وەزاری لەلایەن ئافرەتانەوە بەڕێوەدەبرێت. بە هەمان شێوە لەنێو دەستەی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستاندا، ئافرەتان لە کۆی ١٤ پۆستی سەرەکی نوێنەرایەتی نێودەوڵەتی تەنها ٢ پۆستیان بەدەستەوەیە. جگە لەوەش، داتاکانی ساڵی ٢٠٢٢ (١) دەریدەخات کە لە کۆی ٢٣١ دادوەر، تەنها ٤٨ دادوەر ئافرەتن، ئەمەش بۆشاییەکی گەورە لە دەسەڵاتی دادوەریدا دەردەخات.

ئەم نایەکسانییە بەردەوامە جەخت لەسەر پێویستی بەپەلەی هەڵمەتی هۆشیاری یاسایی گشتگیر و چاکسازیی سیاسەت و پابەندبوونی دامەزراوەیی دەکاتەوە بۆ تێکەڵکردنی تەواوی بنەماکانی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە سیستەمی سیاسی و یاسایی کوردستاندا. بەبێ ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە، بەشداریکردنی ئافرەتان لە حوکمڕانیدا بەردەوام دەبێت لە چوارچێوەیەکی زارەکی نەک جەوهەری، ئەمەش توانایان بۆ گۆڕانکاری سەر بڕیاردان و بەشداریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی بەردەوامدا سنووردار دەکات.

هەڵسەنگاندنێک کە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی پرسیار و وەڵام ئەنجامدراوە کە لەلایەن توێژەرانی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت (WEO) و تیمێک کە پێکهاتووە لە چەند سەرکردەیەکی ئافرەت ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە هۆشیاری لە پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا و شوێنی کار و تەنانەت لەنێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا لە ڕادەبەدەر نزمە، تێگەیشتن لە بڕیارنامەکە سەرەتاییترین هەنگاوە کە بنرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەلێنێکی جددی لە هۆشیاری یاسایی و سیاسیدا.

هەوڵەکان بۆ برەودان بە بەشداری ئافرەتان وەک گروپی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و چالاکوانانی ئافرەت لە بنیاتنانی ئاشتی و حوکمڕانیدا لە هەڵەبجەدا ناچالاکە. لە کاتێکدا هەندێک لە ڕێکخراوەکانی سەرکردایەتی ئافرەتان چالاکانە کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥، دەستپێشخەرییەکانیان پێویستیان بە بەردەوامی زیاترە، پشتیوانی دامەزراوەیی و پلاندانانی ستراتیژی درێژخایەن هەیە بۆ بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی بەرچاو.

ڕۆڵی حکومەتی خۆجێی هەڵەبجە لە جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە ڕووی داراییەوە پاڵنەر نییە بەڵکو لەبری ئەوە پشت بە دەستپێشخەری سیاسی و کارگێڕی دەبەستێت. ئەم هەوڵانە بە پلەی یەکەم لەسەر بەرزکردنەوەی سەرکردایەتی و بەشداریکردنی ئافرەتان لە بنیاتنانی ئاشتیدایە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەزموون و بەشدارییەکانیان لە حوکمڕانی ناوخۆییدا. بەڵام ئەم دەستپێشخەرییانە چوارچێوەی هەیکەلی نییە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی و کاریگەری.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی ناکاریگەری پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە هەڵەبجە، نەبوونی پلانی کارکردنی ناوخۆییە، پلانی کارکردنی ناوخۆیی بە شێوەیەکی دروست وەرنەگێڕدراوە بۆ پلانی نیشتمانی و هیچ پلانێکی سەربەخۆی پارێزگاکان بۆ پێشخستنی بەشداریکردنی ئافرەتان لە بڕیاردان و دانوستان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا پەرەی پێنەدراوە. ئەم بۆشاییە سیاسەتییە بووەتە هۆی سنووردارکردن لە پێشخستنی حوکمڕانی لە پارێزگاکەدا وەک بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، بەهێزکردنی ئابووریی ئافرەتان، و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاستەنگانە، زۆر گرنگە پلانێکی تایبەتی کارکردنی پارێزگاکان دابڕێژرێت، هەماهەنگی دامەزراوەیی بەهێز بکرێت، و سەرچاوەی پێویست تەرخان بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەکانی سەرکردایەتی و بنیاتنانی ئاشتی. بەبێ ئەم چاکسازییانە، جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە هەڵەبجە بە پەرت و بڵاو دەمێنێتەوە و هیچ کاریگەرییەکی نابێت. بۆ ئەوەی ئەم پرسانە چارەسەر بکرێن، پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ چاکسازی دامەزراوەیی کە نەک تەنها بەشداریکردنی ئافرەتان لە حوکمڕانی و بڕیاردان لە پێشینەدا بێت بەڵکو ڕووبەڕووی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگا ببێتەوە کە توانای سەرکردایەتی ئافرەتان سنووردار دەکات.

**لاوازی ئاستی جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ :**

عێراق وەک یەکەم وڵاتە کە پلانی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە سەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا داڕشتووە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێشتر دوو پلانی نیشتمانی بەرهەمهێناوە و لە پرۆسەی ئامادەکردنی پلانی سێیەمدایە. بەڵام ئەم هەوڵانە بەهۆی نەبوونی بودجەیەکی تایبەتەوە کۆسپیان بۆ دروست بووە و سەرئەنجام دەبێتە هۆی سنووردارکردنی مەودا و کاریگەری پلانەکان. هەرچەندە پلانەکان میکانیزمی چاودێریکردن لەخۆدەگرن و هەندێک چالاکیی بە پاڵپشتی ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدراون، بەڵام جێبەجێکردن و بەردەوامیی ئەم چالاکییانە تا ئێستا بەس نییە. پلانەکان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدانەوە سەرپەرشتی دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لەو چالاکییانەی لە پلانەکاندا هاتووە، بە تەواوی جێبەجێ نەکراون و پەیڕەو نەکراون.

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ڕێژەی جێبەجێکردنی ئەو پلانانە هێشتا بە نزمی ماوەتەوەو هەڵەبجە نموونەیەکی ئاشکرایە. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئافرەتانی سەرکردە لە هەڵەبجە دەرکەوت کە چەند هۆکارێک بوونەتە ڕێگر لە دەرکردنی تەواوی پلانەکە، لەوانەش ئاستەنگەکانی ژینگەیی و بژێوی ژیان کە پێویستیان بە چارەسەری گونجاوتر هەیە. ئەم دەرئەنجامانە جەخت لەسەر پێویستی پلانێکی کارکردنی پێداچوونەوە و خۆجێیی دەکەنەوە کە ڕاستی

فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی هەڵەبجە لەبەرچاو بگرێت، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کاریگەریی پرۆسەی جێبەجێکردن.

بە گشتی لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان و عێراق هەنگاوی سەرەتاییان ناوە لە پەسەندکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ ، کەمی سەرچاوەی دارایی و پابەندبوونی دامەزراوەیی و ستراتیژی تایبەت بە چوارچێوە بەربەستی بەرچاون کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم بڕیارنامانە. چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییانە زۆر گرنگە بۆ بەدیهێنانی توانای تەواوی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هەوڵەکانی حوکمڕانی و بنیاتنانی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

یەکێک لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ چالاکوانانی ئافرەت دان بەوەدا دەنێت کە جێبەجێکردنی تەواوی سێ پایەی بڕیارنامەکە- بەشداریکردن، پاراستن، خۆپاراستن، لە هەڵەبجە بە شێوەیەکی کاریگەر بەدەست نەهاتووە. یەکێک لە چاوپێکەوتووەکان هۆکاری ئەمەی بە پلەی یەکەم گەڕاندەوە بۆ دوورخستنەوەی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لە پاڵپشتی دارایی و ڕایگەیاند کە دووری جوگرافیای هەڵەبجە لە ناوەندە گەورەکانی بڕیاردان بووەتە هۆی پەراوێزخستنی. لە ئەنجامدا زۆرێک لە دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی دارایی و دامەزراوەیی، ئەمەش توانای خۆیان بۆ بەشداریکردنی کاریگەرانە لە ئامانجەکانی بڕیارنامەکەدا سنووردار دەکات.

سەرکردەیەکی دیکەی ئافرەتان، کە پۆستێکی لە حکومەتدا هەیە و هەروەها چالاکوانە باسی لەوە کرد کە لە هەڵەبجە، جێبەجێکردنی بڕیارنامەکە لە نزمترین ئاستیدایە بەهۆی نەبوونی پلانی تایبەت، بەتایبەتی سەبارەت بە بەشداریکردنی ئافرەتان لە بڕیاردان، سەرکردایەتی، دانوستان، و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

- ئافرەتانی هەڵەبجە بەگشتی هۆشیاری و ئەزموون و شارەزاییان نییە سەبارەت بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆیان لە چوارچێوەی ئاشتی و ئاسایشدا، بەهۆی کەمی هۆشیاریی حکومەت و لایەنە سیاسییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پلانی کاری نیشتیمانی ١٣٢٥ کە باس لە گرنگی بەشداری ئافرەتان دەکات، بەڵام بەهۆی جێبەجێ نەکردنی کاریگەرییەکی ئەرێنی ئەوتۆی نەبووە.
- لە هەڵەبجە، جێبەجێکردنی بڕیارنامەکە لە نزمترین ئاستدایە بەهۆی نەبوونی پلانی تایبەت بە بەشداریکردنی ئافرەتان لە بڕیاردان، سەرکردایەتی، دانوستان، و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.
- ئافرەتانی هەڵەبجە بە گشتی هۆشیاری و ئەزموون و شارەزاییان نییە سەبارەت بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆیان لە چوارچێوەی ئاشتی و ئاسایشدا .

## خاڵە بەهێزەکانی هەڵەبجە لە پێشخستنی بەهێزکردن و بەشداریکردنی ئافرەتان

هەڵەبجە چەندین خاڵی بەهێز پیشان دەدات لە پێشخستن و بەهێزکردنی ئافرەتان و بەشداری سیاسی و یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو. ئەم خاڵە بەهێزانە بنەمایەکی تۆکمە بۆ زیاتر پێشخستنی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ و دڵنیابوون لە بەشداریکردنی تەواوی ئافرەتان لە پرۆسەکانی بنیاتنانی ئاشتی و حوکمڕانیدا دابین دەکەن.

لە خوارەوە ئەو خاڵە بەهێزە سەرەکییانە خراوەتەڕوو کە لە هەڵەبجە دەستنیشانکراون:

1. بەشداری بەهێزی ڕێکخراوەکان

ئاستی بەشداری ڕێکخراوەیی لە هەڵەبجە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزە، ڕێکخراوە جیاوازەکان چالاکانە بەشداری دەکەن لە دەستپێشخەرییەکاندا کە پشتگیری لە مافەکانی ئافرەتان و بەشداریکردن لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە داکۆکیکردن لە یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو و بەهێزکردنی ئافرەتان لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکاندا.

2. سەرکردایەتی چالاکانەی ئافرەتان لە بواری بەڕێوەبردندا

ئافرەتان لە هەڵەبجە چالاکانە بەشداری لە ڕۆڵی بەڕێوەبردندا دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە داینامیکی یەکسانی پیاوان و ئافرەتان لەناو شوێنی کاردا. بەشداریکردنیان لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا یارمەتیدەرە بۆ شکاندنی بەربەستەکان و بەرەنگاربوونەوەی ڕۆڵی نەریتی پیاوان و ژنان، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ سەرکردەکانی داهاتووی ئافرەتان لە ناوچەکەدا.

3. سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەتان

ئافرەتان لە هەڵەبجە توانای کارکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابوورییان هەیە، ئەمەش لایەنێکی گرینگە بۆ بەهێزکردنی ئافرەتان بۆ بڕیاردانی سەربەخۆیی. ئەم بەهێزکردنە ئابوورییە ڕێگە بە ئافرەتان دەدات بەشدارییەکی بەرچاو لە خێزان و کۆمەڵگاکانیاندا بکەن و لە هەمان کاتدا پەرە بە پشتبەستن بەخۆبوون و بەردەوامیی ئابووری دەدەن.

4. بناغەیەکی بەهێز بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان و کچان

هەڵەبجە بناغەیەکی پاڵپشت بۆ ئافرەتان و کچان دابین دەکات بۆ ئەوەی چالاکانە بەشداری لە پرۆسەکانی کۆمەڵایەتیدا بکەن لەڕێگەی بۆردێکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە سەرپەرشتی پارێزگار، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ. ئەمەش لە ڕێگەی بزووتنەوە سۆزداری و لیبراڵەکانەوە ئاسانکاری بۆ دەکرێت، کە هانی ئافرەتانی گەنج دەدەن بۆ بەشداریکردن لە دەرفەتی پەروەردەیی و سەرکردایەتیدا. ئەم دامەزراوەیە متمانە بەخۆبوون و داکۆکیکردن و بەشداریکردن لە بڕیاردان بەرەوپێش دەبات.

5. هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە بەشداری سیاسی ئافرەتان

بیرکردنەوەی کولتووری لە هەڵەبجە تادێت پشتیوانی بەشداری سیاسی ئافرەتان دەکات. کۆمەڵگا دیدێکی ئەرێنی هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتان لە حوکمڕانی و سەرکردایەتیدا، کە ژینگەیەکی لەبار بۆ ئافرەتان دابین دەکات بۆ ئەوەی پیشەی سیاسی بە باشی بەڕێوەببەن و بەشداری بکەن لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی.

6. دیالۆگی ئایینی و کۆمەڵگەی مەدەنی

هەڵەبجە شوێنی ناوەندێکی مەعریفی ئایینی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێزە، کە هەردووکیان بەشدارن لە گفتوگۆی بنیاتنەر کە پردێک لە نێوان کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکات. توانای دانوستان و تێگەیشتن لە یەکتر لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دڵنیای دەدات لەوەی کە ڕێز لە دیدگا جۆراوجۆرەکان دەگیرێت، یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی لێکتێگەیشتنە هەڵەکان و پەروەردەکردنی هاوکاری لە پرۆسەی بنیاتنانی ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم خاڵە بەهێزانە لە هەڵەبجە بناغەیەکی تۆکمە دەڕەخسێنن کە لەسەری بنیاتنانی دەستپێشخەری زیاتر بە ئامانجی بەهێزکردنی ئافرەتان و بەهێزکردنی پرۆسەکانی بنیاتنانی ئاشتی و باشترکردنی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو. بە کەڵک وەرگرتن لەم خاڵە بەهێزانە، هەڵەبجە دەتوانێت بەردەوام بێت لە ڕۆڵی پێشەنگ لە پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان و بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

## خاڵە لاوازەکانی پێشخستن و بەهێزکردنی مافەکانی ئافرەتان و بەشداریکردن لە هەڵەبجە

لە کاتێکدا هەڵەبجە پێشکەوتنی بەرچاو لە بەرەوپێشبردنی مافەکانی ئافرەتان و بەشداریکردندا نیشان دەدات، چەند خاڵێکی لاواز ماونەتەوە کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی تەواوی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ و بەهێزکردنی ئافرەتان. چارەسەرکردنی ئەم ڕێگریانە زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە گەشەپێدانی بەردەوام، یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو و کۆمەڵگەیەکی گشتگیرتر.

**لە خوارەوە ئەو خاڵە لاوازە سەرەکیانە خراوەتەڕوو کە لە هەڵەبجە دەستنیشانکراون:**

1. دانانی ئافرەتان بە شیوەی ڕەمزی لە پۆستەکانی بەڕێوەبردندا

سەرەڕای بەشداریکردنی چالاکانەی ئافرەتان لە ڕۆڵی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن، ئافرەتانی هەڵەبجە هەندێکجار وەک کەسایەتی ڕەمزی لەم پۆستانەدا سەیر دەکرێن، زۆرجار بۆ جێبەجێکردنی پشکەکان بەکاردەهێنرێن نەک ئەوەی بدرێتە دەزگاکە بۆ بڕیاردانی سەربەخۆ. ئەمەش بەهێزکردنی ڕەسەنی ئافرەتان تێکدەدات و کاریگەرییەکانیان لەسەر پرۆسە سەرەکییەکانی بڕیاردان سنووردار دەکات.

2. نەبوونی ستراتیژی وەک دادگای تایبەتمەند بۆ کەیسەکانی ئافرەتان

لە ئێستادا هەڵەبجە دادگای تایبەتمەندی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکانی توندوتیژی خێزانی دژی ئافرەتان نییە. ئەم نەبوونیە ڕێگری دەکات لە قوربانیانی دەستدرێژیکردن لە وەرگرتنی پشتیوانی یاسایی لە کاتی خۆیدا بەمەش دادپەروەری دوادەخات.

### 3. پاراستنی پێویست بۆ ئافرەتانی سەرکردە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

کەلێنێکی بەرچاو هەیە لە دابینکردنی پاراستنی جەستەیی و مەعنەوی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانیان کردووە. لە کاتێکدا یاساکان بۆ پاراستنی ئافرەتان بوونیان هەیە، خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری و پشتگیری یاسایی ڕێگری دەکات لە زۆرێک لە ئافرەتان کە لە ژینگە توندوتیژەکان ڕزگاریان بێت و بەدوای چارەسەر و دادپەروەریدا بگەڕێن.

### 4. قۆستنەوەی ئابوری ئافرەتان لەلایەن خێزانەکانەوە

لە هەندێک حاڵەتدا ئافرەتانی هەڵەبجە لە ڕووی ئابوورییەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە دەقۆزرێنەوە، دەستڕاگەیشتن بە داهاتی کەسی یان توانای بڕیاردانی دارایی سەربەخۆیان سنووردارە. ئەم ئیستغلالکردنە ڕێگری دەکات لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی، کە ئەمەش بۆ بەهێزکردنیان بۆ بڕیاردان و ڕزگاربوون لە ئازار و چەوساندنەوە زۆر گرنگە.

### 5. نەبوونی ڕێبەڕیک بۆ جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی

لە کاتێکدا یاسای تایبەت بە توندوتیژی خێزانی هەن، بەڵام هۆشیارییەکی کەم لە نێو تاکەکان بە ئافرەت و پیاوەوە سەبارەت بەم یاسایانە هەیە. نەبوونی پەروەردەی گشتی لەسەر ئەو ماف و پارێزگاریانەی کە بەپێی ئەم یاسایانە بەردەستن، بەو مانایەیە کە ئافرەتان ڕەنگە داوای یارمەتی نەکەن یان شایستە یاساییەکانی خۆیان نەزانن، ئەمەش ڕێگری دەکات لە دەستگەیشتن بەو پشتیوانییەی کە پێویستیانە.

### 6. کەم گرنگیدان بە پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ سەبارەت بە گەشەپێدانی ئافرەتان و گەنجان

کەمی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی هەرێمی کوردستان ١٣٢٥ لە هەڵەبجە وەکە بەتەواوی باسی گەشەسەندنی ئافرەتان و گەنجانی نەکردووە، بەتایبەتی لەڕووی بنیاتنانی توانا و پێدانی ڕاهێنانی سەرکردایەتی. پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە بۆ تیشکخستنە سەر ئافرەتان و گەنجان بەو لێهاتوویی و زانیاریانەی کە پێویستن بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە بڕیاردان و حوکمڕانی و پرۆسەکانی بنیاتنانی ئاشتی.

### 7. نەبوونی پارەی نێودەوڵەتی و ستانداردی ڕوون بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان

ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی ئافرەتان لە هەڵەبجە بەهۆی نەبوونی بودجەی نێودەوڵەتی و نەبوونی ستانداردی ڕوون بۆ دابەشکردنی پارە بۆ پشتگیریکردنی چالاکییەکانیان، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە. بەبێ سەرچاوەی دارایی پێویست، ڕێکخراوە ناوخۆییەکان ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو بەرنامانە جێبەجێ بکەن کە یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو، ڕێگریکردن لە توندوتیژی خێزانی، یان سەرکردایەتی گەنجان و ئافرەتان لە کۆمەڵگادا بەرەوپێش ببەن.

ئەم خاڵە لاوازانە جەخت لەسەر پێویستی بەردەوامی داکۆکیکردن و چاکسازی لە سیاسەتدا دەکەنەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مافەکانی ئافرەتان لە هەڵەبجە بە تەواوی دانپێدانراون و جێبەجێ دەکرێن. چارەسەرکردنی ئەم ڕێگریانە پێویستی بە هەوڵی هاوئاهەنگی ئەکتەرە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هەیە، لەوانەش دامەزراوە حکومییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە بەخشەرەکان. هەڵەبجە تەنها لەڕێگەی کردەوەی هاوئاهەنگەوە دەتوانێت بەهێزکردنی ئافرەتان و گەنجەکانی بەدەستبهێنێت، دڵنیابێت لەوەی نەک تەنها لەخۆدەگرن بەڵکو بەشدارێکی چالاکن لە دارِشتنی ئایندەی هەرێمدا.

## پێشنیارەکان

1. **زیادکردنی نوێنەرایەتی**

- چاکسازی لە سیاسەتدا بۆ گشتگیری: بەرپرسان جەختیان لەسەر پێویستی سیاسەتێک کردەوە کە نوێنەرایەتی زیاتری گەنجان و ئافرەتان لە بڕیارداندا بکات، لەوانەش ناساندنی پشک لە ئەنجومەنی ناوخۆیی و دامەزراوە حکومییەکان
- هۆشیاری سیاسی و سەرکردایەتی – ئافرەتان پێویستیان بە هۆشیاری زیاترە لە ڕۆڵی سیاسی خۆیان و پێویستە لە دانوستانە فەرمییەکان تێکەڵ بکرێن. پێویستە فشار بخرێتە سەر لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە بۆ ئەوەی ئافرەتان وەک بڕیاردەری سەرەکی لە شاندەکاندا بناسرێن.
- ئافرەتان وەک نێوەندگیری ئاشتی ناوخۆیی – ئافرەتان پێویستە چالاکانە نێوەندگیری ناکۆکییە ناوخۆییەکان بکەن وەک هەنگاوێکی بنەڕەتی بەرەو دانوستانەکانی ئاشتی نیشتمانی.
- گرنگیدان بە هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری – جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکان بۆ زیادکردنی هۆشیاری ئافرەتان لە پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ و بەهێزکردنیان بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی سەرکردایەتی لەناو کۆمەڵگاکانیاندا.
- پێشخستنی هۆشیاری و بەشداریکردنی گەنجان – پێویستە هەڵمەتەکانی هۆشیاری لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوە چڕبکرێنەوە، وەک ووَرک شۆپ و کۆبوونەوە، بۆ پەروەردەکردنی گەنجان سەبارەت بە ماف و بەرپرسیارێتیەکانیان.
- هاندانی بەشداریکردنی گەنجان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا – پێویستە دەستپێشخەرییەکان پەرەپێبدرێت بۆ ئەوەی گەنجان چالاکانە بەشداربن لە حوکمڕانی و بڕیاردانی سیاسیدا، دڵنیابن لەوەی دەنگیان دەبیسترێت.

ئاگادارکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان لە نوێنەرایەتی یەکسان – پێویستە لایەنە سیاسییەکان هانبدرێن و فشار بخرێنە سەر بۆ دڵنیابوون لە بەشداریکردنی زیاتری ئافرەتان، بەتایبەتی ئافرەتانی گەنج، لە ڕۆڵی سەرکردایەتیدا بۆ بەرزکردنەوەی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە نوێنەرایەتیدا.

2. **پتەوکردنی چوارچێوە یاساییەکان**

- یەکسانی و پاراستنی مافەکان – دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن، دامەزراندن و بەشداریکردنی سیاسی ئافرەتان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە ناوچە گوندنشینەکاندان.
- چاکسازیی سیاسەت و یاسایی – چارەسەرکردنی ئەو بەربەستە کولتووری و سیاسیانەی کە ئافرەتان لە پۆستەکانی سەرکردایەتی دووردەخەنەوە.
- کردنەوەی دادگای سەربەخۆ و تایبەتمەند بۆ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی – دروستکردنی دادگای تایبەتمەند بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی بە شێوەیەکی کارا و بە هەستیاری.
- هەبوونی سیاسەتێکی تایبەت لە هەڵبجە بۆ سیستەمکردن و کارکردن بۆ زیادکردنی بەشداری ئافرەتان لە بڕیاردان.
- دانانی ستراتیژەکان لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و دابینکردنی پاراستن بۆ ئافرەتان لە کاتی کارکردندا، و پێکهێنانی ژینگەی گونجاو.

3. **ڕاهێنان و بەهێزکردنی تواناکان**

- ڕاهێنان و بنیاتنانی توانا – پێویستە ئافرەتان ڕاهێنان لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، دیپلۆماسی، و دانوستان وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن بەشدارییەکی کاریگەریان لە بنیاتنانی ئاشتیدا بکەن.
- جێبەجێکردنی ڕاهێنانی هەستیاری – ئەنجامدانی ڕاهێنانی هەستیاری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش سەربازی، کەسایەتییە سیاسییەکان، و بەرپرسانی حکومەت، بۆ دروستکردنی ڕوانگەیەکی هەستیار بۆ بنیاتنانی ئاشتی و حوکمڕانی.
- پێکهێنانی دەستپێشخەرییەکانی ئاشتەوایی خیزانی– دەستپێکردنی بەرنامەکان کە پەیوەندییە خێزانییە تەندروستەکان، تواناکانی پەیوەندیکردن، و تەکنیکەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەرەوپێش دەبەن.
- بەهێزکردنی بەرنامەکانی هۆشیاری بۆ ئافرەتان و کچان – فراوانکردنی وۆرک شۆپ و سیمینار و بەرنامەکانی ڕاهێنانی ئامانجدار بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی ئافرەتان لە ماف و لێهاتووییەکانیان.
- ڕاهێنانی کارامەیی بۆ خۆپاراستن لە توندوتیژی خێزانی و هۆشیاری کارمەندان – دابینکردنی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان بۆ ئەوەی بە کارامەیی کار بکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی دەستدرێژیکردن ، گرنگیدان بە پاڵپشتی دەروونی، مافە یاساییەکان، و نهێنیپارێزی.
- بنیاتنانی توانا و پەروەردە: جەختیان لە گرنگی ڕاهێنانی سەرکردایەتی و بەرنامەی پەروەردەی سیاسی کردەوە بۆ ئامادەکردنی ئافرەتان و گەنجان بە لێهاتوویی پێویست بۆ حوکمڕانی.

### .4 هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی

- هاندانی بەشداری مەدەنی: دەسەڵاتداران تیشکیان خستە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆکردنەوەی گەنجان و ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە دەستپێشخەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.
- هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان – دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێویستە پێکەوە کاربکەن بۆ دڵنیابوون لە بەشداریکردنی ئافرەتان لە دانوستانەکانی ئاشتی و بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بە سەرۆکایەتی ئافرەتان.
- زیادکردنی بودجە بۆ ڕێکخراوەکانی سەرکردایەتی ئافرەتان – پشتگیری لە ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بکەن کە سەرنجیان لەسەر یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو، بنیاتنانی ئاشتی، و بەهێزکردنی ئافرەتان بە سەرچاوەی دارایی گونجاوە.
- پشتگیری لە ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان – پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان لە ڕێگەی بودجە، بنیاتنانی توانا و هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتگیری بکرێن. ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هۆشیاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتی.
- زیادکردنی هەلی کار لە هەڵەبجە – هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و کەرتی تایبەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئافرەتان و گەنجانی هەڵەبجە، پەرەپێدانی بەهێزکردنی ئابووری.
- دامەزراندنی سەکۆیەکی تایبەت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئاسانکاری ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و بۆچوونەکان، پەرەپێدانی هاوکاری، هاوبەشکردنی زانیاری، و چارەسەرکردنی کێشە بەکۆمەڵەکان.

### .5 چاودێری و هەڵسەنگاندن

- چاودێری و هەڵسەنگاندن – پەرەپێدانی میکانیزمەکان بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ لە کوردستان، لەوانەش هەڵسەنگاندنی بەردەوام و ڕاپۆرتکردن لەسەر پێشکەوتنەکان.
- دامەزراندنی میکانیزمەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن – پەرەپێدانی سیستەمی بەهێز بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردن و کاریگەری یەکسانی نێوان سیاسەتەکانی ئافرەت و پیاو، دڵنیابوون لە ڕاپۆرتکردن و هەڵسەنگاندنی بەردەوام.
- پەرەپێدانی پلانێکی ستراتیژی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان – هاوبەشیکردن لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بۆ دروستکردن و جێبەجێکردنی پلانێکی بەردەوام بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتنی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو و دەستپێشخەرییەکانی بەهێزکردنی گەنجان.
- هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە – لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە هاوکاری بکەن بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥. چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەردەوام یارمەتیدەر دەبێت بۆ دیاریکردنی بۆشاییەکان و دڵنیابوون لەوەی کە پلانی کارکردن وەک مەبەست بەرەو پێشەوە دەڕوات.

6. **ستراتیژی بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان**

- کردنەوەی پەناگەی پارێزراو بۆ ئافرەتان و کچان و نەبوونی زیندان بۆ ئافرەتان – دامەزراندنی پەناگەی سەلامەت کە نیشتەجێبوون و پشتیوانی یاسایی و چاودێری دەروونی بۆ ئەو ئافرەتانە و کچانەی کە مەترسی توندوتیژی یان گۆشەگیرییان لەسەرە دابین دەکات.
- کردنەوەی دامەزراوەی تەندروستی دەروونی – دامەزراندنی دامەزراوەی تەندروستی دەروونی بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی بۆ ئەو ئافرەتان و گەنجانەی کە تووشی توندوتیژی یان ململانێ بوون.
- بەدواداچوونی کۆمەڵایەتی لەلایەن بەشی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک ڕاوێژکاری و پشتیوانی دارایی بۆ ئافرەتان و گەنجانی لاواز، یارمەتیدانیان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان دوای ئەوەی تووشی توندوتیژی بوون.

## دەرئەنجام

بە پشتبەستن بەو گفتوگۆیانەی لە کاتی بەدواداچونەکاندا ئەنجامدراون، دیارە بەشداری ئافرەتان و گەنجان لە بنیاتنانی ئاشتی و بەشداریکردنی سیاسی و پرۆسەی بڕیاردان پێویستی بە چاکسازی و پێشکەوتنی بەرچاو هەیە کە بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بگونجێت. لە کاتێکدا کە چوارچێوەی مێژوویی و ڕۆشنبیریی هەڵەبجە ئەوە نیشان دەدات کە ئافرەتان بە بەردەوامی ئامادەکارییان کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی کارا بگرنە ئەستۆ، بەڵام تا ڕادەیەک دوودڵی لە تێکەڵکردنی تەواوەتییان لەگەڵ ئەم بوارانەدا بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە پێویستی بە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ پەرەپێدان و دڵنیابوون لەوەی کە بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و ئاشتیدا دانپێدانراون و بە دامەزراوەیی دەکرێن.

## سەرچاوەو پاڵپشتەکان

لە ڕێگەی زنجیرەیەک چاوپێکەوتنی داڕێژراو لەگەڵ ٣ ئافرەتی سەرکردە و ١٠ پرسیار و وەلام لەلایەن ١٠ ئافرەت سەرکردە لە بواری جۆراوجۆر لە هەڵەبجە وەڵامدرایەوە، ئەم هەڵسەنگاندنانە بە بەکارهێنانی پرسیارنامەیەکی گشتگیر ئەنجامدراوە. سەرەڕای ئەوەش، سێ گفتوگۆی مێزگرتی کراوە بەڕێوەچووە، کە دیدگای ئافرەتان، پیاوان و گەنجانی ناسنامە جیاوازەکانی تێدابووە. ئەم شێوازی کارکردنانە تێڕوانینێکی بەنرخیان سەبارەت بە ڕێگریەکان و دەرفەتەکانی دەوروبەری بەشداریکردنی ئافرەتان و گەنجان لە پرۆسەکانی سیاسی و بنیاتنانی ئاشتی لە ناوچەکەدا پێشکەش کرد.

# ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت


ناونیشان

**ئۆفیسی هەولێر (ئۆفیسی سەرەکی): شەقامی 120 م ، ئازادی نوێ (ئاتکۆنز) ، خانوی ژمارە R5/81 و R5/83**

**ئۆفیسی بەغداد: کەرادە، گۆڕەپانی فەتح بەرامبەر شانۆی نیشتمانی ناوچەی 904 ، شەقامی 99 ، بینای 62 ، نهۆمی سێیەم**

ئیمەیڵ

**info@weoiraq.org**

ژمارەی تەلەفۆن

**(+964) 750 229 2525**

ماڵپەڕ

**www.weoiraq.org**

**@weoiraq**